# ئێوه فایلتان ببێت و نه‌بێت هه‌مان شتن

## هاوڕێ باخه‌وان

له‌م ڕۆژانه‌دا نامه‌ی كاری فایلدارێكی تری "كورد" له‌ ڕۆژنامه‌ی (باسه‌ره‌)دا بڵاوكرایه‌وه‌. فایله‌كه‌ به‌ڕاشكاوی باسی په‌یوه‌ندیی ئه‌ندامێكی كۆمۆنیستی كرێكاری ده‌كات كه‌ په‌یوه‌ندیی به‌ داگیركه‌ری ئێراقییه‌وه‌ هه‌بووه‌.

ڕاستینه‌ی ئه‌و فایله‌ مه‌به‌ستی ئه‌م نووسینه‌ نیه‌. چونكه‌ كۆمۆنیسته‌كان كه‌وتوونه‌ته‌ هاوار و جنێودان له‌به‌رئه‌وه‌ی ده‌ڵێن "گوایا ئه‌و فایله‌ دروستكراوه‌ و بۆ مه‌به‌ستێكی تایبه‌تیی پاراستنی پارتی، بڵاوكراوه‌ته‌وه‌!".

هه‌رچۆنێك بێت هیچ دووكه‌ڵێك بێ ئاگر نییه‌، به‌ڵام لێره‌دا ده‌ڵێم كۆمۆنیستی كرێكاری به‌لای منه‌وه‌ فایلی ببێت یان نا، ئه‌وا هیچ جیاوازییه‌ك نابینم. چونكه‌ ئه‌وان خۆیان ده‌ستنێژی به‌عسییانن و ئه‌وه‌ی ئه‌وان ده‌یكه‌ن و په‌یڕه‌وه‌ی ده‌كه‌ن، هه‌مان ئه‌و كار و كرده‌وانه‌یه‌ كه‌ به‌عسسیان له‌ كوردستاندا پیاده‌یان ده‌كرد. دیاره‌ به‌عس هه‌موو كرده‌وه‌كانی له‌ كوردستاندا بۆ ته‌واو نه‌كرا، هه‌ربۆیه‌ ئه‌وان ئێستا به‌وپه‌ڕی ده‌ستپاكییه‌وه‌ خه‌ریكی ته‌واوكردنین.

به‌عس دژی پارته‌ كوردستانییه‌كان بوو، ئه‌مان خراپتر و ده‌ستیان بڕوات وه‌ك ستالینی هاوڕێیان ئه‌نفالیان ده‌كه‌ن.

به‌عس به‌ بنه‌ماڵه‌ی بارزانیی ده‌وت "خائین و جه‌یبی عه‌میل"، ئه‌مانیش ده‌ڵێن بنه‌ماڵه‌ی بارزانیی جاش و دواكه‌وتوو و باوكسالار...

به‌عس دژی كوردستانی بوونی كه‌ركوك بوو، ئه‌مان خراپتر و ده‌ستیان بڕوات ئه‌و كه‌مه‌ كورده‌شی تیایدا ماوه‌ له‌ كه‌ركوك ده‌ریان ده‌كه‌ن و گۆڕی ئه‌و كورده‌ كه‌ركوكییانه‌ش له‌ كه‌ركوكدا له‌گه‌ڵ زه‌وی ته‌خت ده‌كه‌ن, تاوه‌كو ئه‌و شوێنه‌واره‌ كوردییه‌ش له‌ كه‌ركوكدا نه‌مێنێت.

به‌عس دژی هه‌موو شتێكی كوردی بوو، ئه‌مان خراپتر، چونكه‌ هه‌ر شتێكی كوردی به‌ نه‌ته‌وه‌په‌رستی داده‌نێن و ده‌بێت ئێراقی بیربكه‌یته‌وه‌ و خزمه‌تی ئێراق بكه‌یت.

به‌عس هه‌رده‌م خه‌ریكی دروستكردنی فه‌ساد بوو له‌ كوردستاندا، ئه‌مان خراپتر و ده‌یانه‌وێت كوردستان بكه‌نه‌ ئه‌و فه‌سادخانه‌یه‌ی كه‌ ده‌یان ساڵ كۆمۆنیسته‌كان له‌ ڕووسیا و خۆرهه‌ڵاتی ئه‌وروپادا دروستیانكرد و هه‌رچی هه‌ستێكی مرۆڤایه‌تی هه‌بێت تیایاندا نه‌ماوه‌ و ئێستا به‌هۆی ڕووخانی كۆمۆنیزمه‌وه‌ خه‌ریكن دێنه‌وه‌ سه‌رخۆیان و كه‌مێ ده‌زانن ڕه‌وشتی مرۆڤایه‌تی و مافی مرۆڤ چییه‌.

ئنجا كه‌ ئێوه‌ ئه‌مه‌ كار و كرده‌وه‌تان بێت فایلتان بۆچییه‌، ئێوه‌ خۆتان فایلن... هیچ پێویستییه‌كیشتان به‌ ڕابردووپاكی و بێفایلی نییه‌... چونكه‌ هیچ ئه‌ندامێكی ئێوه‌ بێفایل نییه‌...

2004-03-05

hawreh@bakhawan.com
http://www.bakhawan.com